# کۆمەڵناسی و ئایدیۆلۆژیا

ئیحسان وەلزی

کۆمەڵناسییش وەك هەر زانستێکی دیکە زانستە، کۆمەڵناسیش لە مرۆڤایەتییدا لەگەڵ هەموو مرۆڤەکانی دیکەدا هاوبەشە. لەوەی یەکەمیان ئەوە دەکەوێتەوە، کە کۆمەڵناسییش هەرچەندە میتۆد و شێوازی کـــارکردنی زانســــــتی تایبەت بە خۆی هەن، رێگەی پێدەدەن بخرێتە ریزی زانستەکانەوە، بەڵام لەوەش بەدەر نییە کە مەعریفەیەکی مرۆیییە و وەك هەر مەعریفەیەکی دیکە بە فرسەخ لە رەهایەتییەوە دوورە. کۆمەڵناسی لە بەراورد بە زۆر لقە زانستییەکانی دیکەدا مێژوویەکی هێندە دووری نییە، لەوەش بەولاوەتر ئەوەیە کە سەرەڕای تەمەنی کورتی ئەم لقە زانستییە، دەبوایە ماوەیەکی درێژ لە سەنگەری وەدەستهێنان و بەرگریکردن لە دانپێدانان بێت، خۆشبەختانە سەرەنجام توانی شوێنی خۆی لە ریزی زانستەکاندا بکاتەوە. بەڵام ئایا مەعریفەی زانستی بە تێکڕایی و بەر لە هەمووشیان کۆمەڵناسی لە توانایدا هەیە ئیدیعای رەهاییبوون و حەقیقەت بکات؟ دەمێکە کۆمەڵناسانی مەعریفە و زانست و هەر لە سەردەمی لودڤیك فلێك[1] و لە سییەکانی سەدەی رابردووەوە بەو ئەنجامە گەیشتوون کە زانستیش وەك هەر مەعریفەیەکی مرۆیی دیکە لە کاریگەری و پابەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەدەر نییە و ئەویش لە تیۆر و دادەکانییدا هەڵگری بونیاد و هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکان و ژیان و گوزەرانی زانا و زانستوانە. کەواتە کۆمەڵناسییش هەرگیز مافی ئەوەی نییە خۆی بە هەڵگری راستی رەها و دادوەرانە بزانێت.

کۆمەڵناسیش ئەو کەسەیە کە لە مرۆڤبووندا، لە حەز و ئارەزوو، لە مەیلو لاگیریدا، هیچی لە مرۆڤەکانی دیکە زێتر نییە و بە مانای وشە مرۆڤە وەلێ

کۆمەڵناس دەبێ بە حوکمی سرووشتی زانستەکەیەوە لە هەموو کەس زیاتر لە راستی و ئیدیعا مۆرالییەکان بەدوور بێت. چونکە ئەو لە هەر کەسێك باشتر دەزانێت کە چۆن مەعریفە درووست دەبێت و دواتر دەبێتە راستییەکی کۆمەڵایەتی و بە هەمان شێوە مەعریفەی زانستیش هەروا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێ هەرگیز ئەو مافە لە کۆمەڵناس بسەنرێتەوە کە وەك ئەندامێکی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو رۆڵی خۆی بگێرێت. کۆمەڵناسیش دەکرێت مرۆڤێکی راسترەو یان چەپڕەو بێت، دەکرێ رادیکال یان رێفۆرمخواز بێت، دەکرێ دیندار یان بێدین بێت ...هتد.

لە نێوان مرۆڤبوون و زانابووندا کۆمەڵناس لە نێوان دوو جیهانی تەواو لەیەکجیادا ژیان بەسەر دەبات. وەك کۆمەڵناسێك دەبێت بەدوای میکانیزمەکانی دروستبوون و جێگیربوون و هەروها دواتر لەقبوون و گۆڕانی بەها و نۆرم و راستییە کۆمەڵایەتییەکاندا بگەڕێت و بیاندۆزێتەوە، وەك ئەندامێکی کۆمەڵگەیش حەز و ئارەزوو و مەیلی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی هەن. بەڵام لەگەڵ جیاوازی بەرچاوی ئەم دوو جیهانەشدا، ناکرێ بە زۆری لەیەکێکیان دابڕێت.

لە کۆمەڵناسییدا زۆر جاران باس لە دوو تێڕوانینی جیا دەکرێت، کە هەر لە کلاسیکەکانەوە تا ئێستا بە درێژایی مێژووی کۆمەڵناسی درێژبوونەتەوە، ئەوانیش بریتین لە دیتنی کۆمەڵناسی وەك تێگەیشتن و تەئویلکردن یان دیتن و دانانی بە زانستێك کە کاری دۆزینەوە و کەشفکردنی فاکت و راستییە کۆمەڵایەتییەکانە. لە هەردوو تێڕوانینەکەدا کاری کۆمەڵناس دەرککردنی راستییە کۆمەڵایەتییەکانە، بەڵام بەو جیاوازییەی کە لای دەستەی یەکەم کۆمەڵناسی زانستی تەئویل یاخود راڤەکردنی کردە مرۆییەکانە و سرووشتێکی زیاتر خودیانەی هەیە (ئەم رێبازە لە زمانی ئەڵمانییدا بە Verstehende Soziologie ناودەبرێت و بەهۆی سەرچاوە ئەڵمانییەکەی ئەم رێبازە لە هەندێك زمانی دیکەشدا هەمان ناوی بۆ بەکار دەهێنرێت)، کەچی لای دەستەی دووەم دۆزینەوە و رۆنکەرەوەی کردە مرۆییەکانە و سرووشتێکی زیاتر بابەتییانە یاخود پۆزەتڤیستانەی هەیە (ئەم رێبازەیش بە Erklaerende Soziologie ناودەبرێت.

ماکس ڤێبەر وەك سەردەستە و بنیاتنەری کۆمەڵناسی تێگەیشتن یاخود تەئویلکار لەو بڕوایەدابوو کە کۆمەڵناسی ئەو زانستەیە کە کردە کۆمەڵایەتییەکان راڤەکەرانە لێکدەداتەوە و لەو رێگایەوە ریشە و هۆکارەکانی دەردەخات. بەڵام کۆمەڵناسانی دەستەی دووەم و بەهۆی زاڵبوونی کاریگەریی زانستە سرووشتییەکان، کە کۆمەڵناسی خۆی لە قۆناغی باڵادەستی تیۆر و میتۆدەکانی ئەم زانستانە سەری هەڵداوە، کاری کۆمەڵناسی دۆزینەوە و روونکردنەوەی پەیوەندی بابەتییانەی نێوان هۆکار و دەرکەوتەکانە.

دیارە کە کاری کۆمەڵناس بە پێی تێڕوانینی یەکەم زیاتر خودییە و کۆمەڵناسیش زیاتر خوێندنەوە و راڤەکردنی کۆمەڵناسانەیە، بەڵام لای لایەنگرانی تێڕوانینی دووەم دەبێ کۆمەڵناسیش وەك زانایانی بواری زانستە سرووشتییەکان بە دوای دۆزینەوەی یاسا و پەیوەندییەکانی نێوان دەرکەوتە و هۆکارەکانەوە بێت.

وەڵێ نە لای کۆمەڵناسانی دەستەی یەکەم و نە لای ئەوانەی دەستەی دووەمیش باس لە رۆڵی کۆمەڵناس لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و رێنوێنیکردن نییە. ئەگەر لەسەر دەستی هەندێك لە کۆمەڵناسانی قوتابخانەی

فرانکفۆرتیشەوە رەهەندێکی لەمجۆرە خرابێتە سەر کۆمەڵناسی، ئەوا یەکەم ئەم خاڵە هەمیشە جێگەی مشت و مڕ بووە و لەلایەن زۆرێك لە کۆمەڵناسانەوە بەهۆی ئایدیۆلۆژیبوونییەوە رەتکراوەتەوە و دووەمیش ئەوەیە کە سەرچاوەی ئەم بۆچوونە زیاتر لە دەرەوەی کۆمەڵناسییەوە هاتووە و زیاتر میراتی بیری رەخنەیی مارکس و مارکسیزم بووە.

دەکرێ مرۆڤی زانا بە کۆمەڵناسیشەوە ئەخلاقێکی تایبەتی هەبێت و پەیڕەوی لە ڕێبازێکی ئەخلاقی و ئایدیۆلۆژی بکات، بەڵام ئەمە هەرگیز کاری کۆمەڵناسیی وەك زانست نییە. دەبێ کۆمەڵناسیش لە هەموو کەسێکی دیکە زیاتر ئەو راستییە دەرك بکات کە زانست و ئەخلاق، زانست و ئایدیۆلۆژیا، زانست و دادوەری کۆمەڵایەتی شتی لێکجیان، ئەوەندەی بشکرێت لەیەك بە دوور بگیرێن. کەواتە ئێمە چۆن دەتوانین بڵێین کە "یەکەم هەنگاوی کۆمەڵناسی و مەرجی بەردەوامبوونی ئەوەیە کە بە واقیعی باو رازی نییە... و هەمیشە رەخنە لە واقیعی باو دەگرێت و لەو ڕێیەوە دەیەوێ بەشدارییەکی چالاك لە گۆرانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بکات[٢] "هەرگیزیش ئەوە کۆمەڵناس نییە کە "دوای لێکۆڵینەوەی گرفتەکان هەوڵدەدات چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە، لە هەمان کات کە روانگەیەکی رەخنەگرانەی هەیە، خواستکی ئەخلاقیشی هەیە بۆ چاکترکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی".[٣] یان "راستی و ناراستی" دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بسەلمێنێت[٤]، چونکە "کۆمەڵناس دەبێ لە رووی ئەخلاقییەوە بێلایەن بێ".[٥]

ئەگەر چاوەڕوانیی پابەندبوون بە هەر بنەمایەکی ئەخلاقی لە کۆمەڵناس بکرێت، ئەوا ئەمە بنەمای خۆپاراستن لە داوەریی ئەخلاقییە، ئەگەر نا زانستەکەی دەکاتە پاشکۆیەکی نۆرم و بهها کۆمەڵایەتییەکان، کە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەك و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە جیاوازن. بەمەش کۆمەڵناسیی توشی نائارامی و ناسەقامگیرییەك دەکات کە بنەماکانی زانستیبوونی دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

***

دەرکەوتەیەکی دیکە لە دوورکەوتنەوەی کۆمەڵناسیی لە داوەری ئەخلاقی و ئایدیۆلۆژیا گۆڕانی تێڕوانینی کۆمەڵناسانە بۆ گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانە.

سەرەڵدانی کۆمەڵناسی وەك لقێکی زانستی لە سەدەی نۆزدەدا خۆی دەرهاویشتەی تێڕوانینێکی ئامانجداری مێژووییە. لای کۆنت قۆناغی هزری زانستی کە بە هزری پۆزەتیڤ ناوی دەبات جێگرەوەی هزری میتافیزیکییە کە ئەویش بە دەرووری خۆی جێگرەوەی هزری ئایینی و ئەفسانەییە. لەم جێگرتنەوەیەشدا مەرج نییە شێوازی بیرکردنەوەی نوێ شێوەبیرکردنەوەی پێشتر بە تەواوی بسڕێتەوە و لەم جێگرتنەوەیەدا ونبوون و لەناوچوونی تەواوی شێوەبیرکردنەوەی پێشووتری لێبکەوێتەوە.

ئەم بۆچوونەش بۆ کۆمەڵگە و زانستی کۆمەڵگەیش بە هۆی کاریگەریی و باڵادەستی ئەو تیۆرییە زانستییانەوە بوو کە لەسەدەی نۆزدە لە بواری زانستە سروشتییەکان و بەتایبەتیش لە بایۆلۆجیدا باوبوون و چڵەپۆپەی خۆی لە تیۆری پەرەسەندنی چارلس داروینیدا دەبینییەوە.

دیارە کۆمەڵناسانی ئەو سەردەمەش مەفتوونی ئەم دۆزینەوە زانستییانە بوون و کەوتنە گواستنەوەی بنەماکانی گەشەکردن و پەرەسەندن بۆ بواری کۆمەڵایەتی

و پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتییانە. بەڵام هەرزوو بەو ئەنجامە گەیشتن کە ناکرێت نە تیۆر و نە میتۆدەکانی زانستە سروشتییەکان دەقاودەق بۆ بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان بگوازرێنەوە، لەوەش بەولاوەتر کە ناکرێ هەروا بە ئاسانی تەسلیمی ئەو تێڕوانین و بۆچوونە گەشبیانە بین کە لە تیۆریەکانی پەرەسەندن و گەشەکردندا هەن. هەربۆیە لە بیستەکانی سەدەی بیستەمەوە چەمکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی جێگەی ئەو چەمك و دەستەواژانە دەگرێتەوە کە بۆ ناونانی رەوتی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەبران و کۆمەڵناسی کاری لەسەر دەکردن و دەکات، لەوانەش هەردوو دەستەواژەی "پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی" و "گەشەکردنی کۆمەڵایەتی"ن. لێرەوە دەتوانین بڵێین کە کۆمەڵناسان و توێژەرانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە هەمیشە لە هەوڵی گەڕان بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا بوون کە چۆن و بۆچی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان روودەدەن؟ و ئایا دەکرێت ئەو گۆڕانانە پێشبینی یان کۆنترۆل بکرێن؟ لەهەمان کاتدا وردەوردە لەمە دوورکەوتنەوە کە شێوە ئاڵۆزەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە پێشکەتو و پەرەسەندو و شێوەژیان و پێکەوەژیانی سادەتریش بە دواکەتوو پریمیتیڤ وەسف بکەن.

دەستەواژەی "گۆڕانی کۆمەڵایەتی" بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٢٢ لەلایەنWilliam Fielding Ogbur خرایە ناو باسە تیۆرییەکانەوە بۆ ئەوەی زانست لەو هزرە بە ئایدیۆلۆژجی بارگاویەی پێشکەوتن و پەرەسەندن دووربخاتەوە کە گەشبینییەکی زیاد لە پێویستی نەوەك هەر لای زانایان و رۆناکبیران بەڵکو لای توێژێکی بەرچاو و بەربڵاوی کۆمەلانی خەڵکیش هێنابووە ئارا .

هەر بۆیە کە دەگوترێت کۆمەڵناسی - لەسەر ئاستی ماکرۆ- "لە پڕۆسە مەودا درێژەکانی گۆڕان و پەرەسەندن دەکۆڵێتەوە".[٦]، یان ئەوەی کە کۆمەڵناسی "دیراسەی گۆڕانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئەگەری پێشکەوتنی کۆمەڵگا دەکات"[٧]، ئەوا دەتوانین بڵێین کە ئەمڕۆ لە هەردوو رستەکەدا تەنیا ئەوەندەی پەیوەندی بە دیراسەکردن و لێکۆڵینەوە لە گۆڕانەوە هەیە بە کارێکی کۆمەڵناسانە دادەنرێت نەوەك پەرەسەندن و پێشکەوتن. ئەگەر سەردەمێکیش بڕیاربووبێت کە کۆمەڵناسی "لە یاسا گشتییەکانی پەرەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی"[٨] بکۆڵێتەوە، ئەوا دەمێکە زۆربەی هەڵسوڕاوانی ئەم لقە زانستییە دەستییان لەم ئەرکەی کۆمەڵناسی هەڵگرتووە و لە سەر ئاستێکی دیکە خەریکی درێژەدان بە کارەکانیان بوون و هەن .

***

خەریکبوون بە دۆزینەوەی قۆناغەکان و رەوتی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان و کارکردن لەسەر دۆزینەوەی یاساکانی پڕۆسەی گۆڕانەکان، هەر بە رابردووەوە تایبەت نەبووە و بە ئێستایشەوە نەوەستاوەتەوە. دەمێکیشە هەوڵدان بۆ کەشفکردنی رەوتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی هێندەی هەوڵدانێك بووە بۆ درووستکردنی ئایندە، ئەوەندە بۆ دۆزینەوەی مێژوو نەبووە، جا ئەگەر هەلومەرجی درووستکردنی مێژوویەکی ئاسوودەیش لە ئێستادا هەموار نەبووبێت، ئەوا ئایینئاسا وادەی هاتن و دۆزینەوەی، ئەگەر بڕوایەك بە حەتمییەتی مێژوویی لە ئارادا بووبێت، یاخود درووستکردنی، ئەگەر بڕوایەك بە ویست و ئیرادەی مرۆڤ لە دیاریکردنی رەوتی مێژوودا هەبووبێت، دراوە.

بەلام لە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی زانستییانەی پرۆسەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەمێکە جێگایەکی ئەوتۆ بۆ "پێشبینی ئایندەی ئەم دیاردە و پێکهاتانە"[٩] نەماوەتەوە، مەگەر مەبەست لە ئایندە لێرەدا تەنیا دەرەنجام و دەرهاویشتەی راستەوخۆ و مەودانزیك بن. ئەمەش لەلایەکەوە بۆ سرووشتی ژیان و گۆڕانی کۆمەڵایەتی و لەلایەکی دیکەشەوە بۆ سروشتی کۆمەڵناسی وەك زانستێك و میتۆدە بەردەستەکانی دەگەڕێتەوە. هەم ئەوەی کە ئایا دەکرێ گۆڕانی کۆمەڵایەتی، بەتایبەت لە مەودادرێژ و بونیادییەکانییدا، پێشبینی بکرێت، هەم ئەوەش کە ئەمڕۆ کۆمەڵناسی تا چەندە ئامرازی پێویستی بۆ پێشبینیکردن لە بواری کۆمەڵایەتییدا بەدەستەوەن - ئەوە ئەگەر هەر لە بنەڕەتەوە بتوانین بڕوامان بە ئەگەری ئەمە هەبێت، چونکە ئەم بۆچوونە هەر لە بنەڕەتەوە جێگەی سەرنجە و ناتەبابییەکی لەگەڵ ئامرازە زانستییەکانی بواری کۆمەڵناسییدا هەیە - مشتومڕ و گفتوگۆیەکی زۆریان لەسەر کراوە و ئەمڕۆش لای تەرازوو بەلای وەلامێکی نێگەتیڤانەدا دەشکێتەوە.

کۆمەڵناسی ئەگەر بیەوێت خۆی لەوە بپارێزێت کە لە ئایندەدا بە زانستی درۆ، کۆمەڵناسانیش لەوەی کە بە "پەیامبەرانی درۆزن"[١٠] وەسف بکرێن، دەبێ چاو لەسەر ئەوە هەڵگرن کە کۆمەڵناسی بکەنە زانستی پێشبینیکردنی ئایندە و رەوتی کۆمەڵگەی مرۆیی.

کەواتە کۆمەڵناس نە داوەرە و نە موسلیحە و نە ئایندەگۆ. کۆمەڵناسانیش دەتوانن هەر ئەوەندە جێگرەوەی پەیامبەران بن، کە شێوە و میکانیزمەکانی کارکردن، بەڕێوەچوون و پێکەوە هەڵکردن یان هەڵنەکردن راڤە بکەن یاخود بدۆزنەوە.

## پەراوێزەکان

١- لودڤیك فلێك Ludwik Fleck (1896- – 1961)زانایەکی ماکرۆبیۆلۆژی و پزیشکێکی پۆلۆنییە لەڕێی کتێبێکەیەوە بە ناوی "Entstehung und Entwicklung einer wissenschaftlichen Tatsache"، کە بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٣٥ بلاوکرایەوە، بەیەکێك لە سیما دیارەکانی بواری تیۆری زانست و سەرچاوەی بیر و تێزەکانی تۆماس کوەنیش دادەنرێت.

٢- موسلح ئیروانی: سەرەتایەکی کورت لە بارەی کۆمەڵناسییەوە. گۆڤاری توێژینەوە، ژمارە ٩ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٦، لاپەڕە ٦٧. لە وتارەکەدا وەك سەرچاوەی ئەم بۆچوونە (موحسنیی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، ٢٠٠٢، ل ٢دەستنیشانکراوە).

٣- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٦٧.

٤- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٦٧.

٥- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٦٨.

٦- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٦٩.

٧- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە لاپەڕە ٦٥.

٨- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٦٣.

٩- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٦٥.

١٠- ئەم دەستەواژەیە لەلایەن کارل پۆپەرەوە بۆ وەسفکردنی چەند بیرمەند و فەیلەسوفێك لە پێش هەمووشیانەوە کارل مارکس بەکاربراوە، چونکە بەڕای پۆپەر ئەمانە بێهودە هەوڵی پێشبینیکردنی رەوتی مێژوو و گۆڕانی کۆمەڵایەتییان داوە.